پێشەکی یەکی کورت :
تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆڤەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند رەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

-- تەنیا ڕێگەیەك پێویستە جەماوەری کورد بیگرێ بۆ ڕزگاری لە مۆتەکەی ئەو دوو پارتە ( ڕاپەڕین ) و هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی ( نەتەوەی دیموکرات ) تا بتوانی داخوازیەکانی کورد بجوڵێنێ . هەتا کورد چاوەڕی ئەو دووانە بکات , میژوو و هەلەکانی دەدۆڕێنێ , دەکری لە ناو ئەو پارتانەدا ریفۆڕم پیادەبکریت و بتوانری ئیستراتیجیتیان لە عیراقیەوە بکەن بە نەتەوەی کوردی . وەلی نەوەك وەك ئەو نوزەیەی نەوشیرەوان بەرامبەر بەدیکتاتور تاڵەبانی کردی . تاڵەبانی ئیستا تەنیا سیاسی نیە . بەڵکو سەرۆکی مافیاییەکی کوردیە بۆیە ریفۆرمەکەی ناو یەکیتی کاتێك بەرهەمی دەبێ ئەگەر پەیکەری تاڵەبانی بڕمینیرێ .

جەزا چنگیانی